# تاریکی شەو ... ڕۆبەرت مایرۆن کۆتس

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە

## کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

قاوەخانەیەکی بچووك، لە ڕۆژئاوای گەڕەکی شەشەم ، گرینیچ ، شێوازی گووندی هەبوو. پڕبوو لە ژنان ، لەسەر ستوودی پێست سوور لە پێش بارەکە، قاچیان لەسەر قاچ دانا بوو ، دەورو پشتیان پڕ بوو لە پیاو. فرێد و فلۆرا ئەم قاوەخانەیان هەڵبژارد بوو بۆ یەکتر بینین چونکە لێرە کەس نایان ناسێ و دراوسێکانیشیان نایەنە ئەم قاوەخانەیە.

کاتێك فرێد کاتژمێر نۆی شەوی شەممە دەرگای قاوەخانەکەی ، پاڵ پێوە ناو کردیەوە ، هەموو شتەکانی دەورو پشت لەرینەوە ، بینی خەڵکەکان یەك دوو ڕیز لە دەوری بارەکە وەستاون و بە دەوری مێزەکانیش دانیشتوون. هۆڵەکە پڕ دووکەڵ و سەرنج ڕاکێش بوو.

بۆ چەند ساتێك ، فرێد شڵەژا ، چونکە لە شەقامێکی ئارام و بێدەنگەوە هاتبوو. بیرو هۆشی لەلای کاتی بینینی فلۆرا بوو کە پێویست بوو پێش فرێد هاتبێ و لە شوێنێك دانیشتبێ.

هەستێکی نامۆ بوو ئەگەر فرێد پێش فلۆرا هاتبێ بۆ جێژوانەکەیان. ئەم هەستەش بەردەوام لە ناخی فرێد دایە گوایە فلۆرا ئاگای لە هەستی فرێدە و دەزانێ بەتەمای چیە و بیر لە چی دەکاتەوە ، بەخەیاڵ قسەی لەگەڵ فلۆرا دەکرد . فلۆرای لێ دەرکەوت ، دیتی لێرەیەو ئەمەش تاکە جیاوازی بیرەکانی بوو.

ئەم جارەیان فرێد هەڵەنەبوو. پیاوێکی باڵا بەرز، قژ زەرد ، دەم و چاوێکی پان و گەورە، چاو شینی جوان. فلۆرای بینی لەلای مێزێك لە سووچێکی قاوەخانەکە دانیشتبوو. پەرداخێك بیرەی لەبەر دەم بوو، نیوەی خواردبووە وە ، کورسیەکی لە تەنیشتە ، سەری دانەواندۆتە سەر دەستی و بە پەنجەکانی قژی سەری پاڵ ناوەتە دواوە و پەرێکی باڵندە، سەر سەری ڕازاندۆتەوە. ڕووی لە دەرگاکە بوو، کاتێك فرێدی بینی ، هیچ زەردەخەنەیەك نەهاتە سەر لێوی ، بەڵکو تەنها تەماشای کرد ، سەری لەسەر دەستەکانی دانابوو، بەردەوام تەماشای فرێدی دەکرد و بینی بەناو قەرەباڵغیەکەدا تێ دەپەڕێ و هات لەسەر کورسیکەی تەنیشتی دانیشت.

فلۆرا " ببوورە، دواکەوتم."

" کێشەنیە " دەم و چاوێکی بچووك، چاوەکانی قاوەیی و گەورەن. فرێد هەستی کرد ئەمشەو ڕوخساری فلۆرا زەرد هەلگەڕاوە و دڵخۆش نیە. فرێد گووتی " دەزانی فلۆرا، ئەمشەو زۆر قەرەباڵغە."

پێم گووتیت ئەمشەو خەڵکەکە کاتژمێر شەش دێن بۆئێرە، هەروەکو جاران. بەڵام ئێستا کارێکی ئازایانەیە، لەگەڵ سەختی ڕۆژانە، تاوەکو کاتژمێر هەشت کار دەکەین ، خۆمان سەر مێزەکان پاك دەکەینەوە و ئامادەیان دەکەین بۆ نانی شێوان. پێش ڕۆیشتنمان و گەڕانەوەم بۆماڵەوە ، جلەکانم بگۆڕم و بێم بۆ ئێرە، دواکەوتم........

" فلۆرا شێوازی دانیشتنەکەی نەگۆڕی و سەری هەر لەسەر دەستی مابوو ، تەماشای فرێدی دەکرد. لەسەرخۆییەکەی فلۆرا ، فرێدی نا ئارام کردبوو. کاتژمێر نۆیە، من زۆر دوانەکەوتووم، وانیە!".

" فلۆرا بەزەردەخەنەیەکەوە گووتی، کێشە نیە، چاوەڕوان کردن لەلای من کێشەنیە ."

" زەردەخەنەکەی فلۆرا ، فرێدی ئارام کردەوە و گەشاندیەوە، ووتی، چی دەخۆیتەوە؟" "بیرە"

بەڵێ دەزانم. بەڵام تۆ خواردووتەوە، حەزدەکەی شتێکی قورس تر بخۆیتەوە؟" فلۆرا سەیرێکی پەرداخەکەی کردوو سەری هەڵبڕی وتەماشای فرێدی کرد. فرێد گووتی " ڕای داوا بکەم؟"

فلۆرا گووتی "باشە" فرێد بانگی ساقییەکەی کرد و داوای " ڕای و سۆدەی کرد، دوو". فرێد و فلۆرا بە دڵتەنگیەوە تەماشای یەکتریان دەکرد و زەردەخەنە لەسەرلێویان بوو تاوەکوو ساقییەکە هاتەوە و خواردنەوەکەی بۆ هێنان. کە ڕۆیشت ، فرێد خۆی دانەواندو  پەرداخەکەی هەڵگرت و گووتی " فلۆرا ، ئەمڕۆت چۆن بوو؟"

فلۆرا" زۆۆ باش بوو "،" خۆت ئەزانی شەممان چۆنە، پیاوەکەم هاتەوە و دووبیرەی خواردبووەوە، چەند بیرەیەکی تریشی لەگەڵ خۆی دا هێنابوو ". کاتێك فلۆرا باسی مێردەکەی دەکرد ، فرێد زیاتر بێ ئومێد دەبوو، سەری گەرم دەبوو، دڵ تەنگ دەبوو. لەناخی دا ، هەستی بە ئێش و ئازار دەکرد." بە بێ ئەوەی لە پرسیارکردن بوەستێ، هەستی دەکرد تووڕەیی لەناخی دا بەرز دەبێتەوە و دەم و چاوی سوور هەڵ دەگەڕێ.

فلۆرا هەستی پێ نەکرد، چونکە سەری دانەواندبوو ، تەماشای سەهۆڵی ناو پەرداخەکەی دەکرد، بە پەنجەکانی، پەرداخەکەی دەلەراندەوە ، بۆ ئەوەی خواردنەوەکەی سارد بێت." فرێد زۆربەی بیرەکەی خواردەوە."

فلۆرا بەردەوام بوو لە قسەکردن، گووتی" نانی شێوانمان خوارد. پیاوەکەم هەستی کرد من دەردەچم، گووتی ، بۆ کوێ دەڕۆی؟ " گووتم بۆلای ئامۆزاکەم "ئانێس". لەم کاتەدا فرێد گووتی " ئای فلۆرا، ئەوە چی دەڵێ ی." فلۆرا سەری بەرز کردەوە و تەماشای فرێدی کردوو گووتی" ئای فرێد، ئەمە کارێکی نەخوازراوە."

چی نەخوازراوە، تەنها نیوەی هۆشی لەلای مابوو، نیوەکەی تری هۆشی لەخەیاڵی ئەوە دا بوو ئەگەر لە شووقەکە بەیەکەوە بوونایە چی ڕووی دەدا. خەریکی گۆشت کولاندن دەبوو. لەلایەکی مێزەکە دادەنیشت و ئەویش لەلاکەی

تر، بیرەکەی دەخواردەوە و تەماشای دەکرد. بۆساتێك بیری لای خۆی نەمابوو. دووبارەی کردەوە، چی نەخوازراوە؟ ئەوەی ئێمە دەیکەین ، ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە .چاوەکانی هەست و سۆزی لە هەموو ئەو ئافرەتانەی ئەو بینیوونی زیاتر دەردەبری.

فلۆرا تەماشای فرێدی دەکرد و بە بێ ئومێدی و بێزاریەوە، بۆچی ناڕۆی؟ بۆچی بەجێم ناهێڵی؟

فلۆرا، تۆ باش دەزانی، من ناڕۆم و بەجێت ناهێڵم. .فلۆرا دەستێکی لەسەر مێزەکە داناو فرێد لێ ی نزیك بووە و دەستی گووشی. زۆر بەتوندی دەستی گووشی. فلۆرا دەستی ڕاکێشایەوە و گریا. فرێد دەستی بەرنەدا. فرێد هەستی کرد یەکێك لەولاوە پێ یان پێدەکەنێ.. فرێد تەماشای ئەم لاو ئەولای کرد، دیتی پیاوێکی دەم و چاو سوور، لە مێزەکەی نزیکیان، تەماشایان دەکات.

"پیاوەکە، بەزەردەخەنەیەکەوە گووتی، کێشەیان نیە، باریان لەبارە. .فرێد چاوی برِیە چاوی پیاوەکەو ڕووی وەرگێرایەوە لای فلۆرا." گووتی" ئەوەی تۆ نایزانی" ئەوەیە، پیاو دەتوانێ لە هەموو کاتێك و لەهەموو شوێنێك، ئیش بدۆزێتەوە. لەهەموو شوێنێك شوێنی نان خواردن هەیە. هەموویان لە یەك دەچن. دەتوانم، بت بەم بۆ "بووفالۆ" یان بۆ "دیترۆیت"، بۆ هەر شوێنێکی دوورتر. هەرشوێنێك ، بتەوێ دەچین، ژیانمان دابین دەکەم. هێشتا دەستی فلۆرا هەر لەناو دەستی فرێد دابوو. فلۆرا دەستی شل کردەوە و فرێدیش دەستی بەردا.

ساقی هەر لەوێ بوو، پەرداخە بەتاڵەکانی هەڵ گرت و فرێد گووتی،" دوو پەرداخی تر بهێنە، ڕای و سۆدا" فلۆرا بە دڵ تەنگیەوە گووتی" ناتوانم، فرێد، پێم گووتیت، بۆ هەر شوێنێك بڕۆین و بۆ هەر شوێنێك بمبەی، شەرمەزار دەبم". کەس قسەناکات، وەکوو ژن و مێرد، هەڵسوکەوت دەکەین، کەس بیر لەشتێکی تر ناکاتەوە."

" تاوەکوو مردن هەر جوودا دەبین، فرێد، من ئەوەم بەتۆ گووتوە، تۆ ناتوانیت من بجولێنی". داوای جیابوونەوە لە مێردەکەت بکە. ئەوە تۆ چی دەڵێ ی، پیاوەکەم هەرگیز بێ وەفا نەبووە. هەموو داواکاریەکانمی دابین کردووە." "هەموو جارێك هەر بەم شێوەیە قسەدەکەن و دەگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا و هەمان خاڵ.، فرێد تووڕە بوو ، گووتی ، واتا بەتەمای خوا."

فلۆرا تەماشایەکی فرێدی کردوو هەستی بە سەرکەوتن کرد. هەروەکوو گووتم، ئەمە قسەی کۆتاییمە، جێم بهێڵە. دەتوانی کچی تر بدۆزیتەوە، لەگەڵتا بڕوات و بگونجێ. بەتەمای من مەبە.. فلۆرا دەستی کێشایەوە و پشتی دایەوە و ورده ورده دوور کەوتەوە بۆ لاکەی تری مێزەکە. بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون، هەرتەماشای یەکتریان دەکرد.

سەرکەوتنەکەی فلۆرا بۆ ساتێك بوو، چاوەکانی ئازاریان نیشان دەدا، فرمێسك تیایان دا قەتیس مابوو. پشتی دابووە قەنەفەکە و دەستی لەسەر تەختە ڕەشەکە دانابوو. بۆماوەیەك، هەردووکیان هەژا بوون و بێدەنگ بوون، تەنانەت دەنگی خەڵکانی مێزەکەی تەنیشتیان نەدەبیست.

" ئافرەتە بەتەمەنەکە، سەیرێکی منداڵەکەی کردوو بەردەوام تەماشای ئەوانی دەکرد." پیاوێك چاکەتێکی شینی تاریکی لەبەردابوو ، گووتی" کاتێك کە دەڵێ نازانم ئەو لەکوێ یە، ئەوەی دەیزانم کاتێك پێویستیت پێ ی دەبێ ، وون دەبێ."

کاتێك قسەکەی تەواو کرد، کچێك باڵتۆیەکی رصاصی لەبەردابوو، زۆر بەتوندی پاشەکشەی کرد، هێندەی نەمابوو بالانسی لەدەست بدات و بڕوات پشتاو پشت بەسەر کورسیەکەیدا بکەوێ. خۆی بەشانی پیاوە دەم و چاو سوورەکە گرتەوە. دەستی کرد بەگریان و گووتی، ئای خوایەگیان! بەڕاستی چیرۆکێکی شێتانەیە، لە کوێ بیستووتە؟ پیاوە دەم چاو سوورەکە پێدەکەنی.

فرێد گووتی، فلۆرا، گوێ بگرە، پێت بلێم، ئەو خەڵکە، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن. فلۆرا بەلاچاوێکەوە، تەماشای فرێدی کرد. تەنها من و تۆ ،"من و تۆ". دەتوانین کاتێکی خۆش بەسەر بەرین. فلۆرا سەری باداو تەماشای فرێدی کردو بێدەنگ بوو.

پیاوە دەم و چاو سوورەکە گووتی" ئەو ئێرلەندییە" بە شێوازی قسەکردنی دا دیارە. واپێدەچێ ، زریانی بەفر بارین بووبێ لە ئێرلەندا. فلۆرا پێکەنی و گووتی " دوێنی گلۆپەکەم کوژانەوە" فرێد بەسەر سووڕمانەوە تەماشای فلۆرای کرد و گووتی "گلۆپ!!" بەڵێ "گلۆپ" لە ناندن لەسەر سینکی قاپ شۆردنەکە. سووتابوو، پێویستی دەکرد بیگۆڕم. کاتێك گلۆپەکەم بادا، کەوتە خوارەوە بۆ ناو قاپ شۆرەکە، بوو بە هەزار پارچە. دەتوانی پارچەکان هەژمار بکەی. فلۆرا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، تەماشای فرێدی دەکرد. فرێد بەردەوام پێدەکەنی.

فرێد بیری دەکردەوە لەوەی فلۆرا دەی لێ نوکتە بێ . ئەوەی سەر قاپ شۆرەکە. فلۆرا بەردەوام دەی گووتەوە. خۆی تۆزێك هێنایە پێشەوە. لە دەنگی فلۆرادا، فرێد هەستێکی پێکەنینی لەلا دروست بوو بوو. بۆ ساتێك، هەناسە و دڵی وە ستا .شۆرباکە هەندێك سەوزەی تێدابوو. خواردنی ئێوارە بوو. فلۆرا جانتاکەی کردەوە و دەستی بەناودا گێڕاو ڕۆژنامەیەکی دەرهێناو گووتی، فرێد، لەکاتی چاك کردنی گلۆپەکە، ئەم ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە. هەندێ پارچەی بچووکی لە ڕۆژنامەکە بڕی بوو، باسی شوێنێکی ئۆهایۆی تێدابوو. فرێد خوێندنەوەکەی لەلا ئەستەنگ بوو. بە نیمچە نووکتەیەکەوە گووتی، چۆن ئافرەت دان پێدادەنێ، چۆن دوو بوتڵ بیرەی دابێ بە مێردەکەی، پێش

ئەوەی بە شووشەکە بیکووژێ. فرێد دەستی دەلەرزی وشۆری کردبووە وە. دەستی هەلگرت و دەستی فلۆرای گووشی وەکوو فوتبۆڵ، خڕی کردەوە ناو دەستی، بردیە ژێر مێزەکە. پێشتر باسی ئەم شتانەیان کردبوو، گووتی" ژیان وەکوو تاوان دابنێ ی".

فلۆرا هیچی نەگووت. تەماشای فرێدی دەکرد کە چۆن ڕۆژنامەکەی خڕکردەوە و فڕێ ی دا. بەبێ ووتنی هیچ ووشەیەك، فلۆرا سەری دانەواندەوە و تەماشای مێزەکەی نێوانیانی دەکرد. فرێد زیاتر خۆی دانەواند و نزیکتر بووە و گووتی " ئەوەی تۆ بیری لێ ناکەیتەوە" " ئەوەی لە ڕۆژنامە دەی خوێنیەوە، وا پێدەچێ لێ ی دەرباز نەبێ، وانییە؟". فلۆرا وەلأمی نەدایەوە.

هەردووکیان بە شێوەیەك دانیشتبوون، سەریان بەیەکەوە نووسابوو. یەخەی کراسەکەی فلۆرا لەسەر شێوەی ژمارە حەوت بوو. کراسەکەی لە سینگی جیا بوو بووەوە، فرێد تەماشای کرد و دەی دیی مەمەکانی فلۆرا لەگەڵ هەناسەدان بەرز و نزم دەبنەوە، هەستی بە لێدانی دڵی فلۆرای دەکرد کە لەگەڵ سەمای مەمەکانی ئاوازی دڵداری و سۆزی ئەوین دەبەخشن.

فرێد هەستی بەشەرم دەکرد تەماشای ناو سینگی فلۆرا بکات، بەلأم، هەناسە و سەمای مەمەکانی فلۆرا ، فرێدی بە جۆش هێنابوو. فلۆرا سەری بەرزکردەوە و گووتی " باشتر وایە بڕۆم." بۆچی دەڕۆی؟ "هێشتا زووە" فلۆرا " بەلأم مێردەکەم، وای نابینێ" فرێد" جا مێردەکەت، پەیوەندی چیە؟"

فلۆرا"ئای فرێد" پێویست ناکات پێت بلێم " پیاو بۆچی، ژن دەهێنێ، ئەگەر بیر لە ژنەکەی نەکاتەوە، لەکوێ یە و خەریکی چیە."

فرێد قسەی گیرا و هەستی کرد وەکوو شتێکی ڕەق لە ناو قوڕگی دا قەتیس مابێ و ناڕواتە خوارەوە. ویستی دەستی فلۆرا بگرێ و بیگووشێ، بەلأم بەبیری هاتەوە کە دوایین جار دەستی فلۆرای گووشی و چی ڕوویدا. فرێد خۆی کشاندەوە و پاڵی دایەوە بە مێزەکەی نزیکیان.

ئەو چوار کەسەی مێزەکەی نزیکیان ، بەتەواوی سەریان گەرم بوو بوو، ئاگایان لە فرێد و فلۆرا نەمابوو. کچەکە لە سەر سینگی پیاوە دەم چاو سوورەکە بوو. بەتەواوی چووبووە ناو باوەشی. کاتێك قسەیان دەکرد، لێوەکانیان بەر یەکتری دەکەوت. فرێد قۆڵی لە فلۆرا ئالأند. فلۆرا گووتی " ئێستا، پیاوەکەم چاوەڕێم دەکات."

فرێد گووتی ، فلۆر ئەگەر تۆ ناتەوی، مەرج نیە پابەند بیت. فلۆرا سەری هەژاندو بەڕوویەکی گرژەوە ، گووتی" نەخێر ،فرێد، تۆنازانی، ئەرکی هاوسەر ئەمەیە، پابەند بێت" فلۆرا هەردوو دەستی کشاندەوە، جانتاکەی هەلگرت.

دانیشت و تەماشای فرێدی کرد، چاوەڕێ ی فرێد بوو بانگی ساقییەکە بکات"ئێستا من چاوەڕێ ی ئەوەم ، ڕێگای بە فرێد نەدا هیچ بڵێ. ساقییەکە هات، پسوولەی پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا، فلۆرا بە خێرایی هەستا، تاوەکوو فرێد پارەکەی دا، فلۆرا گەیشتبوە نزیك دەرگای باڕەکە. فرێد دوای کەوت و بانگی کرد، بووەستە، گەڕایەوە لای مێزەکە.

ساقی پەرداخەکانی هەڵگرت و مێزەکەی بەتاڵ کرد. فرێد بە خێرایی سەری دانەواندە ژێر مێزەکە و دەگەڕا. لەم کاتەدا ، فرێد هەستی کرد دەستێك لەسەر شانیەتی، ڕاچڵەکا، تەماشای کرد، پیاوە دەم چاو سوورەکەیە، گووتی، برای بەڕێز کێشەت هەیە؟ هیچ شتێکت وون کردووە؟ بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ فرێد ووتی ، نەخێر، کێشەم نیە. باڕەکە دەنگە دەنگ و غڵبە غڵبی زۆری تێدابوو، لەوانەیە پیاوە دەم چاو سوورەکە ، گوێ ی لە وەڵامی فرێد نەبوو بێ. پیاوە دەم چاو سوورەکە بەردەوام تەماشای فرێدی دەکرد، لەم کاتەدا ، فلۆرا گەیشتبووە ناو دەرگای باڕەکە.

فلۆرا لە دەرەوە چاوەڕێ ی فرێدی دەکرد، فرێد هات، گووتی، دۆزیمەوە، دەستی کردەوە. فلۆرا تەماشای ناو دەستی کرد، قەصاصەکەی بینی، هیچی نەگووت. وەك ئەوە وابوو، ئارەزوو مەند نەبێت. فرێد دەستی بەڕۆیشتن کرد، بەرەو شەقامی دەیەمی خۆر ئاوا. فلۆرا بە بێ دەنگی و بە هێمنی ، لەتەنیشتیوە دەڕۆیشت.

فرێد بە نوکتە کردنەوە، باسی ناو باڕەکەو سەرخۆشەکانی دەکرد. هەستی کرد، هەناسەی قورس و خێرا و دڵ تەنگ بووە. گووتی ، فلۆرا، تۆ حەزناکەی، شتەکان و کارەکان، بەم شێوەیە، جێ بهێڵی. فلۆرا وەڵامی نەدایەوە. گەیشتنە گۆشەی شەقامی دەیەم ، بەرەو ڕۆژئاوا سووڕانەوە. کۆمەڵێك ئۆتۆمۆبێل، ڕێ یان گرتبوو. لەگەڕەکی حەوتەم دەهاتن و دەچوون. خەڵکانی سەر پیادەڕۆکانیان بەردە باران دەکرد. زۆربەی شەقامەکە ، ئارام بوو، گەرمایی ڕۆژ، کەم کەمە نەدەما، سەرما ، وردە وردە ، خۆی دەپۆشی.

شەقامی حەوتەمیان بڕی، تاوەرەکەی ڕۆژ ئاوای شەقامی چوارەم ، چۆڵ و بەتاڵ بوو. فلۆرا لەکاتی خۆیدا، لەشووقەیەکی ئەم تاوەرە، ماوەیەك ژیابوو. فلۆرا بەبێ دەنگی، لەتەنیشت فرێد، بەردەوام دەڕۆیشت. کاتێك شەقامەکەیان بڕی، فرێد وا هەستی کرد، چوونە ناو کەش و هەوایەکی تر. هەناسەیەکی بەرز تر، سووکتر، خێراتر، ئارام هاتە ناو سینگی.

لەپێشەوە دوو ستوونی گرانێت بەدەرکەوت و شورفەی کۆڕنیشەکە، شووقەکەی فرێدی لە شووقەکانی دەورو پشت، جیاکرد بووە وە. تەنها بیست هەنگاوێك مابوو، بگەنە شووقەکەی. فرێد بیری لەو کاتانە دەکردەوە، کە لە ژیانی دا ، بە فیڕۆ چووە، نەی دەتوانی هیچ بڕیارێك بدات.

تاوەکوو ئێستاش، ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە، ئەوەی بە بیرو هۆشی دا دەهات، تەنها شەپۆلێك لە سۆز و ئەوین بوو بەرامبەر بە فلۆرا. ترس، جیابوونەوە، خۆشەویستی، مردن، بێ هیوایی، زەندەق چوون، ئەمانە هەمووی، تێکەڵ بەبیرو هۆشی بوو بوون. لەگەڵ ئەمانەدا، فرێد هەستی دەکرد، پەلەی کردبێ ، بڕیارەکەی بەسەر بیری دا، زاڵ بووبێ.

تاوەکو ئێستا، بیری لە بڕیارەکەی نەدەکردەوە، بەڵکوو هەستی ئەوەندە بەهێز بوو، خەریك بوو لەگەڵیدا بگریا. گەیشتنە کەناری شەقامەکەی نزیك شووقەکەی فلۆرا. خەریك بوو بڵێ، با دوای بخەین بۆکاتێکی تر. لەم کاتەدا، فلۆرا گووتی" فرێد، بەردەوام بین، وەکوو پاڕانەوە، تەماشای فرێدی کرد، با تاوەکوو سووچی کۆڵانەکە بڕۆین، تکایە."

تاوەکوو سووچی بلیکەر ڕۆیشتن. نانەواخانەیەك لە سووچی ئەو بەری شەقامەکە بوو، گڵۆپەکانی پێکرابوو، هەموو دووکانەکان و بازاڕەکە داخرا بوون- کتێبخانەکە، بازار، کۆگای جل و بەرگی سەربازی، هەموویان تاریك و داخراو بوون.  سەروو خوارێ ی بلیکەر، بەدرێژایی شەقامی دەیەم، چۆل و بێدەنگ بوو. هەردووکیان دانیشتن. فلۆرا " ئێستا من دەگەڕێمەوە"، فرێد تۆ بەرەو ژێر پاسەکە بڕۆ، بەرەو سەر ڕێ بگرە. خوات لەگەڵ فرێد". فرێد گووتی" خوات لەگەڵ، شەوێکی شاد."

فلۆرا گووتی" بەدرێژایی ڕێگا، بیرم دەکردەوە، کە باشتر وایە، هیچی تر ، یەکتر نەبینین." فرێد تەماشایەکی فلۆرای کرد و گڵۆپەکانی شەقام، ڕۆشنایی پێدابوون. فرێد ڕوخساری فلۆرای دەبینی. تیژو خەمۆکی بوو، دەم و چاوی خەفەت بار بوو. فرێد نەی دەزانی فلۆرا بیر لەچی دەکاتەوە. لەم کاتەدا ، هێزێك هاتە ناو خەیاڵی فرێد، قۆڵی فلۆرای گرت. کراسی نەرمی هاوینە، قۆڵ و جەستەی فلۆرای داپۆشیبوو، پێستی نەرم و ئارامی، لەژێر کراسەکەیەوە، دڵی فرێدی ، ڕفاند بوو.

فلۆرا، تۆ منت زۆر بینیوە، باش بزانە، کەمن، هەرگیز، واز لەتۆ ناهێنم و دێمەوە لات. فلۆرا، بڕۆ بۆسەرەوە ، بۆ لای مێردەکەت، پێ ی بڵێ ، پیاوێك لە خوارەوە، لە کۆڵانەکەدا، منی ڕفاندووە. تکایە ڕابکە، بڕۆ بۆلای. کەهاتە خوارەوە ـ من لێرە چاوەڕێ ی دەکەم. فلۆرا ، لە سەرەخۆ، لە تەنیشت فرێدەوە ڕۆیشت.

فلۆرا زۆر بە نەرم و نیان دەڕۆیشت، سۆزی خۆشەویستی و ئاگری ئەوینی بە فرێد بەخشیبوو. باشە فرێد، ئەگەر مێردەکەم نەهاتە خوارەوە، چی دەکەی؟ دەنگی فلۆرا زۆر نەرم و بە سۆز بوو. ئێستا مێردەکەم لەناوجێگادایە، خەوتووە. خۆ ئەگەر نەش خەوتبێ، نایاتە خورەوە، بەڵکو پەیوەندی بە دەرگاوانەکە دەکات.

فرید هەستی کرد کە قسەکانی فلۆرا جیاوازن لەگەڵ قسەکانی پێشووی. وێنەیەکی جیاوازی هەیە. لەکۆڵانە تەسکەکەدا بوون و فرێد گووتی "فلۆرا من لەگەڵت دێمە سەرەوە."فلۆرا جانتاکەی دەستی کردەوە و کلیلی دەرگای شووقەکەی دەرهێنا. زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ چوونە ژوورەوە. چوونە ناو هۆڵە تاریکەکە. فرێد لە دوای فلۆراوە دەڕۆیشت و گووتی" فلۆرا من لێرە دەبم" فلۆرا ووتی باشە. مێردەکەت لە کوێ یە؟ لەژووری نوستنە. بیرەیەکی زۆری خواردۆتەوە و خەوی لێکەوتووە.

ژووری نوستنتان لە کوێ یە؟ لە دواوەیە، ئێستا پێشانت دەدەم. زۆر تاریك بوو. فلۆرا و فرێد یەکتریان نەدەبینی. تەنانەت فرێد هەستیشی بە فلۆرا نەدەکرد. وەکوو ئەوە وابوو فلۆرا لە وێ نەبێ. جۆرێك لە بێ ئومێدی سەری هەڵدابوو. لەم کاتەدا فلۆر دەستی فرێدی گرت، جەستەیان بەر یەك کەوت. بۆساتێك ،فلۆرا ، خۆی بەسەر فرێد دا دا. فرێد هەستی کرد هەموو جەستەی فلۆرا دەلەرزێ.

لەرزی تووڕەیی و ترس نەبوو. هەروەکوو سیمی مۆسیقا ژەن ڕاکێشرابی . فلۆرا قۆلەکانی لە ملی فرێد ئاڵاند. ئەوەندە لە یەکتری نزیك بوو بونەوە کە بە چرپە قسەیان دەکرد، لێوەکانیان بەر یەکتری دەکەوتن، لیکاو بەدەمی فرێد دا دەهاتە خوارەوە. فرێد ئاگری تێبەر بوو بوو. پاڕانەوەکەی و برینەکانی دەهاتەوە پێش چاوی. فرێد، ئێرە شوێنی جلەکانمە. لەم کاتەدا، فلۆرا باوەشی بە دەوری ملی فرێد دا توند تر کردبوو. بەتەواى جەستەیان بە یەکەوە نووسابوو. فلۆرا پەنجە نەرمەکانی بەسەر پشتی دەستی فرێدا دەهێنا، ئاگری ئەوینی لە فرێد بەردابوو. ئێرە شوێنی جل گۆرینمە.

مێزی نان خواردنەکەیان تێ پەڕاند، لە پێش دەرگاکە بوو. فلۆرا گووتی" لەتاریکیش دا شوێنەکانیان دەزانم". فلۆرا توند دەستی فرێدی دەگووشی و هەڵی دەگلۆفی. هێندەی نەمابوو ، فرێد لە خۆشیان، لە هۆش خۆی بچێ. بەروە قادرمەکانی برد و فلۆرا گووتی " فرێد، گیانەکەم، وەرە".

ئەدەبی ئەمەریکی . تاریکی یان تاریکایی شەو یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا. نوسەر لە 1942/8/28 نوسیویەتی و لە 1942/9/5 لە لاپەرە 15 ی گۆڤاری نیویۆرکەر بلاّوکراوەتەوە. ڕۆبەرت مایرۆن کۆتس نوسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمەریکی بووە. لە 1897/4/6 لە شاری نیو هاڤن لە دایك بووە و لە 1973/2/8 لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردوە. لە شەوانی هۆتێل لە نێوان 23-29 شوباتی 2020 لە شارەکانی ئەڤێرۆ و پۆرتۆ لە پۆرتوگاڵ وەرگێر کردوویە بە کوردی.